کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
30-4-2007 11:07:23بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# "دوعا" قوربانی دەست دەروون نەخۆشەکانە ! !

حەسەن سەید باقی

لەسەرتاسەری دونیا، لە کۆمەڵگا جیاوازەکانی بەشەریەتدا، خۆشەویستی و ژیان دوو لانەن کە بێ یەك نابن. خۆشەویستی تەواوکەری هەموو بوارەکانی ژیانە. چونکە ژیان بێ خۆشەویستی بەردەوام نابێت. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە لەهەندێك کۆمەڵگادا هەموو شت تابووە(قەدەغەیە)، لە وانەش خۆشەویستی ! ! هەروەك ئەوەی لەم ڕۆژانەدا هەواڵی کوشتنی " دوعا" و چەندین هەواڵی دڵتەزێنی ترمان بیست. بەڵام ئەوەی "دوعا" لە کاتێکدا وێنە ڤیدیۆیەکەی دەبینی ویژدانت دەهەژێنێت، وە ویژدانی هەموو مرۆڤایەتی دەهەژێنێ. ئەو کارە دەرخەری ڕاستی مرۆڤە کەچەند دڕندەیە، لەساتێك لەساتەکانی ژیانیدا. ئەو کارە ناهەمووارە گوزارش لەناخی دڕندەیی و بێبەزیی ئەوانە دەکات، کە مرۆڤی ئاسایی نین. ئەوانە مرۆڤکوژن ئەتەکیەتی دژە ئینسان و دواکەوتویی و بەستەڵەکی باوەڕیانە.لەگەڵ ناوەوەی خۆیان کاردەکەن. کاتێك ئەو دیمەنە ترسناك و ویژدان هەژێنەم بینی ساتەوەختێك تاسام، پێم وابوو لەسەردەمی بەرەبریەتدا دەژیم، خۆمم لەبیرکرد، بێزم لەهەموو شت دەبوویەوە، لە پیاوسالاری، لە عەقڵی کۆنەپەرستی. کاتێك دڕندەیی و بێ بەزەیی ئەو عەقڵ نەخۆشانەم دی، هەموو جەستەم دەستی کردەلەرزین و مووەکانی جەستەم بەرزبوونەوە ! !ئەم لەرزینەش لەترسەوە نا ! ! بەڵکە لە بوونی توڕەیی ناخمەوە لەو ئەژدەها و مرۆڤ تۆقێنەرانەی کە کاسەی سەریان بەتاڵە، تەنها کاو گوی تێدایە.

بەڵێ، مرۆڤ دەمرێت. بەڵام چۆن مردنێك؟ لەو ساتەوەختەدا ئەو پەپولەیە ئازار دەدرا، هیچ کەسێك نەبوو ویژدانی ئازاری بدات!، کەسێك نەبوو تۆسقالێك

بەزەیی و مرۆڤایەتی تێدا بێت؟! بەداخەوە لەسەدەی بیست و یەکداین و لە لای ئێمە ئەو کارە قێزەونە سەرچاوە دەگرێت. من لێرە ناچمە سەر ئەوەی کێ تاوان بارە؟ ئایا مەزهەبە یان دەسەلات ؟ یان چ هۆکارێکی تر لە پشت پەردەوەیە.

پێموایە هیچ دین و یاساو ڕێسایەکی ئەرزو ئاسمانی لەگەڵ ئەو کارە دڕندەیەدا نییە. بەڵام هەندێك لایەن و کەسان بەناو ڕۆشنبیر دێن گەلێك پاساو دەهێننەوەو لایەکیان لەگەڵ بکوژانی "دوعا" دان و لای دی دژن. بەڵام هەردوولا بۆ مەرامی گەندەڵی خۆیان بەکاری دەهێنن. پێموایە ئەوانەی بەوشێوەیە بیردەکەنەوە هیچیان لە بکوژانی " دوعا" کەمتر نییە.

ئەو پلان و کوشتارەی ئەمڕۆ لە کوردستان و عێراقدا هەیە مرۆڤایەتی لێ بێ بەشە. من بەم کارەساتە، ئەو کارەساتەی پێش چەند ساڵێك لەمەوبەری شەقلاوەی وەبیر هێنامەوە، کە ئەگەر بەهێندی ئەوە نەبێت کەمتر نەبوو.

بەڵام دەبوو لایەنە بەرپرسەکان و یەکێتیەکانی ئافرەتان و لایەنە بەناو مرۆدۆستەکان و ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی هەڵوێستیان هەبوایە بەرامبەر ئەو کارە دڕندەیە. وە دەسەڵاتیش ڕونکردنەوەی لەسەر بدایەو گرنگیەکی تایبەتی پێبدرایە. لەبەر ئەوەی ئەوە یەکەم و دواین جار کاری نادروست نامرۆڤانە نابێت و نەبووە. کاتێك مرۆڤ ئەو کارە دڕندانەییە دەبینێت بێز لە بوونی خۆی دەکاتەوە کە مرۆڤ، هاو مرۆڤەکانی بەوشێوە دڕندەیە دوعا و دوعاکانی تر شەلالی خوێن دەکەن. ئەو کیژە پاکیزەیە چ کارێکی نادروست و دژە مرۆڤی کردبوو؟ ئەو خۆشەویستی کردبوو، بۆ خۆشەویستی لەووڵاتی ئێمەدا حەرامە؟ پێدەچێت وابێت!! ئایا بۆ بەرپرسە ورگ زلەکان، پیاوە کەلەپووتەکان، ڕەوایە هەموو کارێك قێزەوون بکەن، بەڵام پاکیزەیەك نابێت خۆشەویستی بکات؟ ئەی

بەرپرسان! ! دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بۆ بێدەنگن؟ بۆ! بۆ دوعا و دوعاکانی تر یاساکان ناکەونەکار؟ کام یاسا هەیە لەبەر دەم ئەم کارەساتەدا مل کەچ نەبێت؟ تەنها یاسایەك هەیە کە ملکەچ نییە، ئەویش یاسای جەنگلستانە! ئایا لای ئێمە پیادەی یاسای جەنگڵستان دەکەین یا دەمانەوێت مرۆڤایەتی بپارێزین. بەسە ئیتر مرۆڤ کوشتن! بەسە ئەوانەی وەك دوعان ببنە قوربانی، تا کەی ڕێگە بەو مرۆڤکوژانە دەدرێت؟ تاکەی یاسا نایەتەگۆ؟ تاکەی ویژدانتان خەواڵووە، بەخەبەر نایەت.

ئەی برایانی یەزیدی، ئایا ئەوە کەلتووری ئێوەیە؟ نـــا ..باوەڕناکەم، دەسا بجوڵێن، ئەوانەی کە بەو کارە هەستاون بیان گرن، سزای ئەو کارە ناهەموارەیان لێ بکەنەوە با بدرێنە دەست دادگا، تا پلانی دوژمنان بەتاڵ بکەنەوەو مرۆدۆستیتان نیشان بدەن، گەر نا ئەوە پەڵەیەکی ڕەش دەبێت بەنێوچاوانتانەوە. نابێت ئەوانە لە ئێوەی بەڕێز قوتار بن!. بیانگرن و لە هەمان شوێندا بە سزای هەقیان بگەیەنن. بۆ ئەوەی ببنە پەند بۆ ئەو کەلەپوتانەی کە ئەوکارەیان کردووەو ئەوانەی تر دەیانەوێت کاری لەو چەشنە بکەن.

مەیەڵن دوژمنان کەلێنتان تێبکات. چونکە دوژمنان لە بۆسەدایە بۆ مرۆڤایەتی، بۆ ئێوەی ئاشتیخواز، هەروەك ئەو ڕەنگدانەوەی کە دیمان چەند کرێکارێك بوونە قوربانی پلان و نەخشە داڕێژراوەکان.

دەسا ئەی ئازادیخوازان، بێدەنگ مەبن، کاتی ئەوە هاتووە بەیەکگرتووی بەگژ تیرۆردا بچنەوە، بەهەر ناو شێوازێك بێت تیرۆر هەر تیرۆرە. ڕووڕەشی بۆ ئەو دڕندانەی کە دوعایان کردە قوربانی، نەمری بۆ دوعاو ئەوانەی وەك دوعا بە ناهەق خوێنیان ڕژاوەو دەڕژێت.

## ئەڵمانیا

27.04.2007